کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-10-2007 1:16بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**هەتا پەتی سێدارەش لە عەلی کیمیاوی زیرەی کردووە!! ... دلێر محمود سابیر**

بە سەر چوو ڕێ و ڕەسمی دادگایی جەللادانی ئەنفالی بەدناو بە لە سێدارە دانی تاوانباران بە بڕیارێکی دڵخۆشکەرانە بۆ گەلی کورد و لە سێدارە دانی ئەو چەند گورگە لاشە خۆر و دڕندەیە، وا زیاتر لە مانگ و نیوێکە هیچ کەس لە دەسەڵاتدارانی سەرتەختی بەغدا جورئەتی پێ نیە بڕیار لە سەر جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە عادیلانەیە بدات و ئیمزای خۆی فرێ داتە سەر مەلەفەکەیان، ئەم بێ جورئەتیە وای کردووە کە تەنانەت پەتی سێدارەش دوور نیە لە کاتی جێ بە جێ کردنیدا هەڵوەرێ و ئەژنۆی بشکێ لە ئاستی ترس و سامی ئەو خوێن خۆرانەدا، ئەوەیە ئازایەتی و ئەوانیش بێ خەم و خەوی زۆر لە ساڵانی پێشتر خۆش تر ئەبینن چونکە وا لە ترساندا بەرپرسانیش کەوتوونەتە بەرگری کردن لێیان و پشی پشی کەم کردنەوەی سزاو بەردانیان ئەکەن و لە هەوڵی ئەوە دان کە (زى الشعره من العجينه) بێنەوە ناو ڕۆحی جەماوەر و نە بایان دیوە نە باران موعەززەز موکەڕڕەم چونکە ماڵی ترسم بە قوڕ نەگرت وا خۆی سەپاندووە لە مێشك و دڵو ویژدان ماندا بە جۆرێ کە حساب بو سۆزو برین و ئازاری دەیان هەزار کۆست کەوتوو نەکرێ، ئەمە نە سوڵتەیەو نە دەسەڵاتێکە کە بانگەشەی دیموکراتی ئەکات ئەگینا هەتا ئەوانە لە ناو نەبرێن زۆر شەرمە باس لە ئارام و ئاشتی و ژیانی دیموکراسیەت بکەن، ئەوە کام دیموکراسی و سەربەستیە کە جەللادەکانت هەر چاویان زەق بێت و دانت لێ بکرۆژن و وەك بزنەکەی هەیاسی خاس گورگێك بە دیارتەوە حەس حەسە گەر بخۆی تێر ناخۆی، گەر تێر بخۆی لە ترسا هەر برسیتە!!واتە ئەبێ لەو ئاستەدا هەر پایەدر لێ بدەین، ئەوانیش پێشبڕکێ ئەکەن بۆ ئەوەی کە لە دواییدا کامیان زۆرتر هەوڵی بەردانیان ئەکات هەر یەکە لە ڕێگەی نا دیبلۆماسی خۆیەوە سنگ ئەباتە پێش تا پێی بڵێن مافی مرۆڤ ڕەچاو ئەکات کە سوور ئەزانێ ئەوانە لە سەر لیستی مرۆڤ نین تەنها وەك ڕەغبەتێك بۆ دەستکەوتێکی تایبەتی و ئامانجێکی دوور و نزیك و ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە، ئەمە قەدەرەو پیاو قاچی هەڵخلیسکا ئەبێ (خەت ڕەجعەیەکی هەبێ)، خوا بکات ئیعدام نەکرێن چونکە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ تەنها ئەوە نەبێت کە پشت بەستن بەو بەر پرسانە مەحاڵە کە تەنانەت پەتی سێدارەشیان وەك خۆیان ترساندووە!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.